ئەنفال و ئافرەتی کورد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

ئەنفال و ئافرەتی کورد

عەدالەت عومەر سالح

ناوی کتێب: ئەنفال و ئافرەتی کورد
دانانی: عەدالەت عومەر سالح
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٩٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: لێزان سامی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٩٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

پێشەکی

کاتێک مرۆڤ لە مێژووی کوردستان ورد دەبێتەوە، زۆر بەچاکی بۆی دەردەکەوێت کە نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو دووچاری سیاسەتی قاتوقڕی و چەوساندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی بۆتەوە و بەزەریایەک خوێن ئەم ڕێگایەی بڕیوە، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و تێکدان و ڕووخاندنی گوند و دێهاتەکان و لە دوا قۆناغیشدا کیمیاباران کردنی کوردستان. زنجیرە یەک لەدوا یەکەکانی تاوانی ڕژێمی عێراق بووە کە دەرهەق بەکورد ئەنجامدراوە، وەلێ لوتکە و ترۆپکی ئەم زنجیرە تاوانانە و دڕندانەترین شێوەی قاتوقڕی کوردان ئۆپەراسیۆنی ئەنفالە بەدناوەکانە کە دنیا لێی بێدەنگ بوو، بەڵێ کارەساتێک کە چەند مانگێک لە (شوبات تا ئەیلولی ١٩٨٨) لەبەرچاوی وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش ڕووی دا کەچی هیچ کەس و لایەنێک یان دەزگایەک یاخود ئاژانسێکی دەنگوباسیش باسی لێوە نەکرد. شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر کوردستان و بەکۆمەڵکوژی خەڵکی بێ دیفاع پرۆسەیەکی ستراتیژی داڕێژراوی ڕژێمی عێراق بوو، بۆ (پاکتاوکردنی نەژدای) کورد و سڕینەوەی ناسنامە نەتەوایەتییەکەی بۆیە پێویستە ئەم تاوانە بێ وێنە و بێ هاوتایە - کە بڕواناکەم لەوەوپێش لە هیچ شوێنێک ڕووی دابێت - بخرێتە پاڵ تاوانەکانی جەنگ و تاوانبارانیش بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی و مامەڵەی (تاوانبارانی جەنگ)یان لە گەڵدا بکرێت، لەم ڕووەشەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەوڵەتان و حکومەتەکان و دەزگاکانی (UN) و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و خودی ڕاگەیاندنی کوردیش ئەرکی سەرەکی ئەم هەوڵەیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم کتێبەش بەشداری و هاوکارییەکی ترە بۆ زیاتر ناساندنی ئەم تاوانە بەجیهان و ڕای گشتی کە بەناوی (ئەنفال و ئافرەت)ە، کتێبەکە لە (حەوت بەش) پێک هاتووە، (بەشی یەکەم) سێ بابەتی لە خۆوە گرتووە، یەکەمیان باس لەمان و چەمکی ئەنفال لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە دەکات، دووەمیش خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لە نێوان ئەنفال و جینۆسایددا، هی سێیەمیش کورد و مێژووی جینۆساید ڕوون دەکاتەوە، (بەشی دووەم)ی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ کیمیاباران کردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە وەک سەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی ئەنفال بووە، (بەشی سێیەمیش) ستراتیژی ڕژێمی عێراق لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال دەخاتە ڕوو، لە کاتێکدا (بەشی چوارەم) قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفالی لە خۆوە گرتووە، کە شەش هێرشی جیا جیا بووە بۆ سەر کوردستان. (بەشی پێنجەمیش) ڕۆڵی ئافرەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا خستۆتە ڕوو، (بەشی شەشەم)ی کتێبەکە باس لە ئامانجی ڕژێمی عێراق لە ئەنفالکردنی ئافرەتدا دەکات و (بەشی حەوتەمیش) کە دوا بەشی کتێبەکەیە باس لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر باری کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد دەکات کە ئەویش کراوەتە دوو بەش، یەکەمیان باس لەو نەخۆشییە دەروونییانە دەکات کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دووچاری هاتوون، لە دووەمیشان ئەو دیاردە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانە دەخاتە ڕوو کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زەق لەو کەسوکارانە بەدی دەکرێت، کتێبەکە کۆتایی دێت بەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووە لەگەڵ هەندێک لە پێشنیار و ڕاسپاردە بەو هیوایەی جێگای خۆیان گرتبێت و بەدواداچوونیشی لە دوادا هەبێت، لەگەڵ پاشکۆیەکی تایبەت بەهەندێک (بەڵگەنامە و دیکۆمێنت) کە بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە، وێڕای لیستی سەرچاوەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هاتوو هەر کەموکوڕییەک لە کتێبەکە بەدی کرا، هاوکات بەڕەخنە و تێبینییەکان کتێبەکە بەهێزتر و پوختتر دەبێت، لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بەشێک لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانمە سەبارەت بەخستنە ڕووی هەندێک لەو زانیاریی و ڕاستیی و ئەو نەهامەتیی و مەینەتییانەی کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن ئەنجام بدەم، خوای گەورەش پشت و پەنای هەموو لایەک بێت.

کوردستان - هەولێر بەهاری ٢٠٠٢

بەشی یەکەم

یەکەم: مانا و چەمکی ئەنفال لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە

ڕەنگە چەمک و پێناسەی ئەنفال لە ڕووی زمانەوانی (لغـە) و زاراوەییـیەوە (الاصطلاح) تاوەکو ئێستا لەلای زۆربەی زۆری خەڵک شتێکی نادیار و نامۆ بێت و ناوەڕۆکەکەشی - مەبەست لە بنج و بناوانی ئۆپەراسیۆنەکەیە - ئاشکرا نەبووبێت و بگرە هەر کاتێک ئەم وشە عەرەبییە سرومرە باس بکرێت ئەوا دەسبەجێ دیمەنی ئەو دەیان هەزار مرۆڤە کوردە بێ تاوانەمان بێتە بەرچاو کە بەپرۆسەیەکی داڕێژراو و نەخشە بۆ کێشراو لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەچەند قۆناغێکی جیا جیا - کە دواتر باسیان لێوە دەکەین - لەناوبردران.

ئەنفال لە ڕووی زمانەوانییەوە کۆی (نفل)ە بەواتای (غنیمة) دەستکەوت دێت.[١] کە لە کاتی شەڕ و تاڵان کردندا بەدەست شەرکەران کەوتووە، لە ڕووی زاراوەییشەوە ماناکەی زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت، ئەویش ئەو ماڵ و سامانەیە کە بەشەڕ لە موشریک و کافران دەسەنرێت، لەم بارەیەشەوە بۆچوونی زانایانی ئیسلام سەبارەت بەواتا و چەمکی ئەنفال ئەوەیە کە «الأنفال هو الغنیمة اي كل نیل ناله المسلمون من اموال اهل الحرب».[٢] واتە بریتییە لەو ماڵەی کە لە خەڵکی شەرکەر دەست موسلمانان دەکەوێت، کەواتە ئەنفال لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەو دەستکەوت و سامان و سەر و ماڵەیە کە موسڵمانان بەزەبر و هێز لە موشریک و بت پەرستان و بێ باوەڕان سەندوویانە.

---

(١) خلیل بن احمد الفراهیدي، كتاب العین الجزء (٨)، ط٢، مؤسسة دار الهجرة ١٩٩٠، ص(٣٢٥).

(٢) الامام العلامة محمد جمال الدین القاسمي، المسمي محاسن التأویل، المجلد الخامس ط١، دار الكتب العلمیة، بیروت لبنان ١٩٩٧، ص(٢٥٣).

ئەنفال ناوی سوورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە، زۆربەی ئایەتەکانی باس لە شەڕ و جیهاد دژی موشریکەکان و بێ بڕواکانی قورەیش دەکات خوای گەورە لە سەرەتای سوورەتەکەدا دەفەرموێت: «یسألونك عن الأنفال قل الأنفال لله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ذات بینكم واطیعوا الله ورسوله ان كنتم مؤمنین».[١] واتە دەربارەی ئەنفال پرسیارت لێ دەکەن - مەبەستی لە پێغەمبەرە (د.خ) - بڵێ ئەنفال هی خودا و پێغەمبەرە ترسی خوداتان بێت و کاروباری نێوان خۆتان چاک بکەن و ملکەچی خودا و پێغەمبەر بن ئەگەر ئێوە بڕوادارن. هەر لەم سورەتەدا خودای گەورە باس لە چۆنیەتی و ڕێگای دابەشکردنی دەستکەوتەکان (غنائم) دەکات کە موسڵمانان لە شەڕدا لەگەڵ بێ بڕواکان و بت پەرستان وەدەستییان دەکەوێت و دەفەرموێت: «واعلموا انما غنمتم من شيء فان لله خمسة وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل».[٢] واتە بزانن ئەو دەستکەوتانەی کە لە شەڕدا وەدەستتان دەکەوێت پێنجێکی بۆ خوا و پێغەمبەر و خزم و کەس و یەتیم و هەژار و ڕێبوار و نەدارەکانە، چوار بەشەکەی تریش دابەشی سەر جەنگاوەران دەکرێت. دیارە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە تەنانەت بایەخدانی خودی پێغەمبەر (د.خ) بەم بابەتەوە مەسەلەیەکە پێویستی بەوەستان هەیە لە سەری و لە هەمان کاتیشدا شیکردنەوەیەکی زانستی و بابەتیانەشی گەرەکە.

ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی (سبب نزول)ی ئەم سورەتە ئەوا بەتەواوی لە بنج و بناوانی ئیشەکە دەگەین و چەمکی ئەنفالمان بەچاکی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاخۆ چییە و ڕیوشوێنی لە چی هاتووە و ناوەڕۆکەکەشی لە چ سۆنگەیەکەوە ئۆقرە دەگرێت؟ (عبادە کوڕی صامت) کە هاوەڵێکی پێغەمبەر (د.خ) بووە ڕاستی و دروستی بەسەرهات و چیرۆکی ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە چییەوە هاتووە و

---

(١) سورەتی ئەنفال، ئایەتی (١).

(٢) هەمان سورەت، ئایەتی (٤١).

دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) چووین بۆ شەڕی بەدر و کەوتینە بەرامبەر کافران، خودا دوژمنی تێکشکاند و کۆمەڵێک لە موسڵمانان نیشتنە سەریان و بەدوایان کەوتن بۆ ئەوەی زیاتر تێکیان بشکێنن، هەندێکی تر دەوری پێغەمبەریان گرت نەبادا هیچ زیانێکی پێ بگا، کۆمەڵێکی تر کەوتنە دوای ئەو دەستکەوت و پاشماوانەی کە بتپەرستان لە دوای خۆیان جێهێشتبوو گلێریان کردەوە، بەم جۆرە کۆمەڵی موسڵمانان بوونە سێ بەش، دوای ئەوەی دوژمن ڕاوکەرەکان گەڕانەوە گوتیان دەبێ ئەم دەستکەوتانە بۆ ئێمە بێ چونکە دوژمنمان بەزاند و تێکمان شکاندن، ئەوانەش کە لە چوار دەوری پێغەمبەر (د.خ) مابوونەوە مافی ئەو دەستکەوتانەیان بەخۆیان دا لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەریان لە مەترسی پاراستووە، کەچی ئەو بەشەی دەستیان بەسەر دەستکەوتەکان داگرتبوو مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە مادام خۆیان دەستکەوتەکانیان کۆ کردۆتەوە تەنها مافی خۆیانە بیبەن).[1]

ئا لەم کەین و بەینەدا لەسەر پاتاڵ و دەستکەوت دابەشکردن سوورەتی ئەنفال کێشەکان یەکلا دەکاتەوە، بەم جۆرە و بەپێی فەرمانی خودا پێغەمبەر (د.خ) دەستکەوتەکانی دابەش کرد.

ڕەنگە هەندێک کەس وای بۆ بچن کە جەنگاوەرانی ئیسلام مافی خۆیان بووە دەست بەسەر ئەو دەستکەوتانە دابگرن و بۆ خۆیانی گڵ بکەنەوە، بەتایبەتی لە کات و بارودۆخێکدا کە موسڵمانەکان لەوپەڕی باری ناهەمواری و هەژاری و بێداریدا بوونە و هیچ داهات یان سەرچاوەیەکی دارایی یان بازرگانییان نەبووە کە پشتی پێ ببەستن بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات تاوەکو خۆیانی پێ بەهێز بکەن بۆ هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەک کە دووچاری بوونەتەوە بەتایبەتی کە ئەو کات سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی

(١) ابو عبدالله محمد بن احمد الانصاري القرطبي، الجامع لاحكام القرآن، المجلد الرابع، الجزء (٨) دار احياء التراث العربي بيروت لبنان، ١٩٦٥، ص(٥-٦).

ئیسلامی بووە، هەروەها بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی لۆژیک و ئایدییایەک بووە دژی بیروبۆچوون و بیروڕای قورەیش و بتپەرستان کە ئەمەش مەسەلەیەک بووە دژی ماددیەت و بنەماکان.

لە ڕاستیدا ئێمە لێرەدا قسە و گفتوگۆمان لەسەر ئەرک و ماف و ڕووبەڕووبوونەوە و دەستبەسەر داگرتن و کۆنترۆلکردن و مەنهەج و تێڕوانینەکان و چەسپاندنی لۆژیکەکان نییە چونکە (ئەگەر مەسەلەکان تەنها و تەنها مەسەلەی ئیسلامی ڕۆحی و سەرکەوتنی لۆژیکەکانی ئیسلام بوایە بەسەر باوەڕە باوەکانی سەردەمی خۆیدا، ئەگەر هیچ گرفت و کێشەیەکی ڕاستەقینە ڕێگری سەرخستنی لۆژیکی ئیسلام نەبوایە، ئەگەر پەرەسەندنی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئەوها ئاسان و ئاسایی بوایە نەپێویستی بەلەشکرکێشی دەکرد کە لەشکرکێشی کراوە، نەپێویستی بەو شەرعییەتەی قورئانی پیرۆز و شەرعی ئیسلام دەکرد کە بەکرۆکی ئەنفال سوپای ئیسلام هان بدەن بۆ (فتوحات) و لە فتوحاتیشدا پاساو بۆ ئەو هەموو کوشتار و تاڵان و ڕێگری و هەڵمەت بردنە سەر قافڵە و کاروانی بازرگانی لەناو خێڵە دەوارنشینە عەرەبەکاندا هەبووە).[1]

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا (ئەنفال) ئۆپەراسیۆنێکە دژی بێ بڕوا و موشریکەکان ئەنجامدراوە، هاوکات بۆ سەردەمێک بووە کە دەسەڵاتی ئیسلام ئەوەندە بەهێز نەبووە و لە سەرەتای جێگیر بوون بووە ئەویش بۆ خۆ چەسپاندن و خۆ گرتنەوە و دەرباز بوون لە لەناوچوون دەگەڕێتەوە، بەڵام ئاخۆ کاتێک ئەو ئۆپەراسیۆنە بەدناوە بەناوی ئیسلام دژی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەنجامدرا و گەلی کورد بووە قوربانی ڕقی ڕژێمی عێراق و تاوانێکی ئەوتۆی دەرهەق ئەنجامدرا کە مەحاڵە لە مێژوودا ڕووی دابێت بە چ هەقێک و لە پای چی بوو.؟ تۆ بڵێی نەتەوەی کورد بەبۆچوون و عەقیدەی ئەوان خوا نەخواستە نەتەوەیەکی بەدەر بێت لە ئیسلام تا ئەو

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٤).

حوکمە قەرەقوشییەی بەسەر دابنێن؟

ئاشکرایە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا نەتەوەی کوردی موسڵمان ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بەویست و ئارەزووی خۆی هەڵبژاردووە و بەبڕوایەکی پتەو و تۆکمەشەوە لەگەڵ پرانسیپە سەرەکییەکانی ئەم ئایینە هەڵسوکەوتی کردووە و فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر (د.خ) بەبێ سێ و دوو پەیڕەو کردووە، ئەوەتا لە سەردەمی خەلافەتی (عومەری کوڕی خەتاب) (ڕ.خ) کاتێ لەشکری موسڵمانان گەیشتە کوردستان گەلی کورد بەبێ شەڕ و شۆڕ و دوودڵی قەبووڵی ئایینی پیرۆزی نوێی کرد و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی ڕاستەقینە نییە لەسەر ئەوەی کەوا بیسەلمێنێت کە کوردەکان لەگەڵ لەشکری موسڵمانان کەوتبنە شەڕ و کوشتار و لە ڕووی هێزی موسڵمانان وەستابن، هەروەها نەتەوەی کورد ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویشی بینیوە لە پتەوکردن و دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی بازنەی شارستانییەت و مەدەنییەتی ئیسلامی لەسەر هەردوو ئاستی زانستی و لەشکرکێشیشدا، ئەوەتە مێژوو زۆر بەڕوونی بۆمان دەگێڕێتەوە و دیاری دەکات کە زانایانی کوردی موسڵمانان لە نموونەی (ئیبن خەلەکان) و (ئیبن سەلاحی شارەزووری) و (ئیبن ئادەم) و دەیان و دەیانی تر چ ڕۆڵێکیان لە بەرەوپێش بردنی زانستەکانی ئیسلامی بینیوە، لەهەمان کاتدا سەرکردەی سەربازی قارەمانی وەک (سەلاحەدینی ئەیوبی) لێ هەڵکەوتووە کە سەربەرزی و سەرفرازی بۆ ئیسلام گەڕاندۆتەوە لە کاتێکدا ئیسلام ژێردەستە و زەلیل بووە، کەچی زۆر بەداخەوە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان لەژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نەتەوەی کوردیان لە هەموو ماف و ئازادییەکی نەتەوایەتی بێبەش کردووە و بەناوی ئایینی ئیسلامەوە کوردیان چەوساندۆتەوە و هیچ دانیان بەبوونی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیە نەناوە بەڵکو هەموو کاتێک هەوڵی قاتوقڕکردنیان داوە و هەموو جۆرە شێوازێکی قەڵاچۆکردنیان بەرامبەر بەکارهێناوە و بەهەموو شێوەیەک ویستوویانە

ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، پرۆسەی بەدی ئەنفالیش دوا ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی ئەم قاتوقڕەیە بوو کە دنیا بێدەنگی لێکرد، بۆیە لەم پێودانگەوە زۆر بەدڵنیاییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی ڕژێمی عێراق بەسەر نەتەوەی کوردی هێنا لە درێژەی ئەو زنجیرە شاڵاوانەی بەناو ئەنفال بۆ سەر کوردستان پێچەوانەی مەفهومی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە بۆ ئەنفال چونکە ئەنفال بەواتای ئەو دەستکەوتانە دێت کە جەنگاوەرانی موسڵمانان لەشەڕدا بەدەستی دێنن و دەیگرن کەواتە ئەنفال بریتییە لە ماڵ و سامان و چەک و زەخیرە و ئاژەڵ (زۆر لە ناودارانی مێژووی ئیسلامیش هەن وەک ئیبن وەکیع، محەمەدی کوڕی عەمر، موسەننا، یونس و ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق... تاد، لە خەڵکانی پێش خۆیان بەچەندین پشت دەگێڕنەوە کە ئەنفال بریتی بوو لە کۆیلەی نێر و مێ، دیل و کەلوپەل، تیر و ڕم، شمشێر، ئەسپ و ماین... تاد).(١)

هەروەها ئەو لایەنەی ئەو دەستکەوتانەی لێ دەگیرێت دەبێ کۆمەڵێکی بێباوەڕ و کافر بن بەزاراوەی شەرعی نەک بەگۆتەی سەرزاری خەڵک و کاربەدەستان، (لە هەمان کاتدا دەبێ دەستکەوتەکان بەشەڕ و لە مەیدانی شەڕدا و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە بگیرێن لەلایەن ئەو موسڵمانانەی کە مەبەستیان لە شەڕکردن بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە نەک هێرش کردنە سەر گوندنشینەکانی بێتاوان و تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان».(٢)

هەروەها زانایانی ئیسلام لە پێناسەی ئەنفال و دەستکەوتەکانی شەڕ بەم شێوەیە دەدوێن، لە کتێبی (صفوة البیان لمعاني القرآن)دا هاتووە کە: (الانفال هي الغنائم المأخوذة من الكفار قهرا بالقتال) واتە ئەنفال ئەو دەستکەوتانەیە کە بەشەڕ لە کافران وەربگیرێت، هەروەها ئەبو هیلال

(١) ابو جعفر محمد جریر الطبري، جامع البیان عن تأویل آي القرآن، الجزء التاسع، ط٢ شركة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٤، ص (١٧١).

(٢) یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەڕە (٢٨).

ئەلعەسکەری دەڵێت: (الغنيمة اسم لما اخذ من اموال المشركين بالقتال).[1] واتە دەستکەوت ئەو وشەیەیە کە لە ماڵ و موڵکی بتپەرستان بەشەڕ وەربگیردرێت.

دووەم: ئەنفال یان قڕکردنی بەکۆمەڵ (جینۆساید) Genocide

دوای ئەوەی ئەم پرۆسە نەگریسییە بەدناوە دژی نەتەوەی کورد ئەنجامدرا و بەدەیان هەزار مرۆڤ لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنفالکرا و ئێستاشی لەگەڵدابێت هیچ باس و خواسێکیان نییە و شون بزرن، وشەی ئەنفال خۆی خستە ناو فەرهەنگ و ئەدەبیات و بڵاوکراوەکان و هاوکات شێواز و قالبێکی ئاسایی وەرگرت بەکارهێنانیشی هەمدیس بووە شتێکی ئاسایی، (ڕووداوی ئەنفال کە وەک جفرەیەکی سەربازیی ڕەسمی لە بەیاننامە گشتییەکان و نووسراو و یاداشتە ناوخۆییەکانی حکومەتدا بەکار دەهات لە ناو عێراق و بەتایبەتیش لە هەرێمە کوردنشینەکاندا زۆر باو و بەخەڵک ئاشنا بوو، کە تەواوی لایەنە ترسناکەکانی مەسەلەکەش ئاشکرا بوو ناوەکە خۆی لە هەست و ویژدانی میللیدا چەسپاند بەزۆری وەک ئەوەی کە هۆلۆکۆستی ئەڵمانە نازییەکان لە هەست و ویژدانی دەرباز بووانیدا کەوتەوە، لەبەر ئەوەی هەردووک چۆن یەک بوون و ترس و سامیشیان لەیەکەوە نزیک بوو).[2]

تەنانەت ڕژێمی عێراق بۆ چەسپاندن و ڕیشاژۆکردنی ئەم وشەیە لە ناخی کورددا هەوڵێکی زۆری دا و وەکو چەکێکی دەروونی بۆ دژایەتی کردن و بۆ ئەوەی ئەم وشەیە لە هزر و بیری تاکی کورد لەیاد نەکرێت

(١) ابو هلال العسكري، الفروق في اللغة، ط ٦، دار العربية للكتاب، ١٩٨٣، ص (١٦٤).

(٢) (MEW) میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی سیامەندی موفتی زادە، چ١، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩، لاپەڕە (١٣).

هەڵسا بەناونانی چەندین شوێن و جێگا بەو ناوە بەدەوە هەر وەک «ناوی چەند کۆمپانیا و دەزگا و قوتابخانەی بەئەنفال ناو نا وەک کێڵگە نەوتێک و کۆمپانیایەکیشی کە کاری وشککردنی زۆنگاوەکانی باشووری عێراق بوو، هەروەها دامەزراندنی کەرتێکی تایبەت حزبی بەعس لە کاتی بیرەوەری ئەم کارەساتەدا و لە کۆمەڵگای حاجیاواش قوتابخانەیەکی دوا ناوەندی بەئەنفال ناونا».[1] بەڵام ئاخۆ تا چەند بۆ ئێمەی کورد ڕاست و دروستە کە ئەم وشەیە (ئەنفال) وەکو خۆی لە بڵاوکراوەکان و گفتوگۆکاندا بەکاربێنین بێ ئەوەی لە دوای ئەلتەرناتیڤێک بگەڕێین کە گوزارشت لە شاڵاوی قڕکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد بکات، لە کاتێکدا ڕژێم بەمەبەستێکی نەگریس و چەپەڵ ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و وای لە هەست و ئایدیای گەلانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان گەیاندوە کە شاڵاوی قڕکردنی بەکۆمەڵی گەلی کورد دەخرێتە پاڵ ئەو ئەنفالانەی کە لە سەرەتای دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام ئەنجامدراوە دژی کافر و بێ باوەڕەکان. ڕەنگە دەستەواژەی (قڕکردنی بەکۆمەڵ) یان بەواتایەکی تر (جینۆساید) وشەیەکی لەبار و گونجاو بێت بۆ ئەوەی لە شوێنی وشەی (ئەنفال) بەکار بێت، هاوکات ئەنجامدەرانیشی دەچنە خانەی تاوانبارانی جەنگ (مجرمي الحرب)، بۆ زیاتر ناساندنی شاڵاوەکانی ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی قڕکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد و نیشاندانی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە پێویست دەکات چەند پێناسە و بیر و بۆچوون لەم بارەیەوە بخەینە ڕووەوە و لە نزیکەوە لە ناوەڕۆکی کردارەکە بگەین.

(middle East Watch) چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەشێکە لە ڕێکخراوێکی جیهانی گەورەتر بەناوی چاودێری مافی مرۆڤ (Human Rightswatch) بارەگای سەرەکی لە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و لە ساڵی ١٩٩٢ سەردانی کوردستانیان کردووە و گەلێک بەڵگە و دیکۆمێنت و زانیارییان لەمەڕ شاڵاوەکانی

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢٥).

ئەنفال کۆکردۆتەوە و دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد) (Genocide in Iraq The Anfal Cam Paign againstthe Kurds) لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکردۆتەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنفال پێناسە دەکات کە (ناوێکە بۆ زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەڕێوە چوو، فەرماندەیی گشتی عەمەلیاتەکە لە دەست نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو بنکەکەی لە شاری کەرکووک بوو، لە مارتی ١٩٨٧ بەدواوە لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە سەرۆکایەتی دەکرا.[1] بەڵام ئایا ئەنفال یان پرۆسەی قڕکردن و بەکۆمەڵکوژی نەتەوەیەک دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە؟! بەر لە هەموو شتێک با بزانین وشەی جینۆساید چییە و لە چییەوە هاتووە؟ دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ بڕیار و ڕێککەوتنێکی لەم بارەیەوە مۆر کردبێ؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەعریف و پێناسەی جینۆساید ئەوا ئەم وشە نوێیە بەمانای کردەوەیەکی کۆن بەشێوە نوێ باو و گۆڕاوەوە (modern deve Lop-ment) لە وشەی کۆنی یۆنانی (Gnos) ڕەگەز عەشیرەت و وشەی لاتینی (Cide) کوشتار پێک هاتووە.

ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٣ لە کۆنفراسێک لە شاری مەدرید لە لایەن پرۆفسیۆر (ڕافایل لێمکین) (Rafhal Lemkin) بەکار هاتووە و بەنووسینیش لە ساڵی ١٩٤٤دا تۆمار کراوە، ئەو هەلومەرجە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە و وڵاتانی بەگشتی بەرەو بارێکی دیکەی هەڵسوکەوت و کارکردن لە ڕووی زۆر بابەتی جیا جیاوە برد، دوای ئەوەی نازییەکان قەڵاچۆی جولەکە و ڕۆمانەکانیان کرد و لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم وشەیە لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەناوی (پەیمانی پێشگری و

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢٦)

تەنبێکردنی جینایەتی جینۆساید) (Conven tion on the Prevention and Punishment of the Crimeof Grnocide) ناسرا کە ئەویش ڕێکەوتننامەیەکە بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦٧٠) لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کرا و لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١دا چووە بواری کارپێکردنەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە پێناسەی جینۆساید وا شی دەکاتەوە کە ئەو کارانەی بەمەبەستی تێکدان و هەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام دەدرێن دژ بەکۆمەڵێکی نەتەوەیی ئەتنیکی یا ئایینی و شتێ لەم چەشنە.

دیارە ئەم ڕێککەوتننامەیە شێوازێکی یاساییشی بەخۆوە گرت وەکو زاراوەیەکی یاسایی بەکار هێنرا، بەڵام هەموو کوشتار و ڕەشکوژییەکی بەجینۆساید دانەنا، چونکە جینۆساید کوشتارێکی تایبەتییە کە لە ماددەی دووەمی پەیمانەکەدا بەم شێوەیە هاتووە:[1]

جینۆساید بەمانای هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوەیە کە بەنیەتی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی و ئێتنی ڕەگەزی یان ئایین ئەنجام بدرێ.

یەکەم: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

دووەم: زیان گەیاندنی جەستەیی بەئەندامانی گروپەکە.

سێیەم: بەئەنقەست دانانی گروپەکە لەژێر بارودۆخی وا کە بە بژاردە تەواوی گروپەکە یا بەشێکی لە باری فیزیکییەوە لەناو ببا.

چوارەم: داسەپاندنی ئیجرائاتی وا کە مەبەستی پێشگرتن بێ لەزان (منداڵ بوون) لەناو گروپەکە.

پێنجەم: بەزۆر ڕاگواستنی منداڵانی گروپەکە.

(١) د. ئەمیری حەسەن پوور، بەرەو تێگەیشتن و بەربەرەکانێکردنی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١١).

دیاره بەپێی شیکردنەوەی ئەم پێناسەیە تەنها ئەم کوشتارەی کە نییەتی لەناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی، ئێتنی و ڕەگەزی و ئایینی بێ بەجینۆساید دادەنرێ، چونکە بۆ ئەوەی کوشتارێک وەک جینۆساید بناسرێ دەبێ بسەلمێندرێ کە بەرپرسانی بەرنامەی جینۆساید نییەتی لە ناوبردنی گروپە قەڵاچۆکراوەکەیان هەبووە، بەڵام تۆمارکردن و سەلماندنی نییەت (intent) ئەرکێکی گرانە، چونکە بکوژان بەڕاشکاوی نییەتی خۆیان دەرنابڕن تەنیا نازییەکانی ئەلمان نییەتی خۆیان بۆ لەناوبردن و قاتوقڕ کردنی جولەکەکان و ڕۆمانەکان بەوردی و بەڕاشکاوییەوە دەربڕیوە و بەهیچ جۆرێک نکۆڵیان لێ نەکردووە، هەروەها، لە سەرەتای پەیمانەکەدا هاتووە کە جینۆساید تاوانێکە دەکەوێتە ژێر یاسای نێو نەتەوەیی و لە دژی گیان و ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکانە و دنیای شارستانییەت مەحکوم دەکا، بێگومان تاوانێکی وا گەورە و تۆقێنەر دەبێت سزاشی بۆ دانرابێ، مادەی سێی پەیمانەکە دەڵێت:(١)

أ- جینۆساید.

ب- پیلان گێڕان بۆ جینۆساید.

ج- هاندانی ڕاستەوخۆ بەگشتی بۆ جینۆسایدکردن.

د- هەوڵدان بۆ جینۆساید کردن.

هـ- هاودەستی لە جینۆسایددا.

ئەو کردەوانەی خوارەوە سزا دەدرێن:

بێگومان هەر جینۆسایدێک تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پێویستە بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە و بۆ بەربەرەکانی کردن و بەرپەرچدانەوەی هێڵە تایبەتی و گشتییەکانی بزانین و لە کێشەکانی ساخ بوونەوەی ورد بینەوە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێک پرۆفیسۆر و پەیوەنددارانی ئەم بابەتە پێشنیاریان کردووە کە وشەی (گەل کوژی) (Domi Cide) وەک وشەیەکی

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢).

گشتی بۆ هەموو ڕەشکوژییەک بەکاربهێنرێ و جینۆساید وەک چەشنێک گەل کوژی چاوی لێ بکرێ، کێشەیەکی تر پەیوەندی نێوان پاکتاوی ئێتنی (ethnic Cleaning) و زمانکوژی (Linguecide) و کولتور کوژی (ethnocide) و شێوەی تری لەناوبردنی گروپێک یان گەلێکە.

پاکتاوی ئێتنی بریتییە لە ڕاگوێزتنی بەئەنقەست بەنەزم و بەزەبری گروپێکی ئێتنی تایبەتە لەناوچەیەکی تایبەت. پاکتاوی ئێتنی یان پاکتاوی نفووس (Population) دەکرێ وەک درێژەی جینۆساید دابنرێ بۆ لەناوبردنی گەلێک یان وەک بەرنامەیەک بۆ ڕاپێچان و وەدەرنانی.(١)

کەواتە لەناوبردنی بەئەنقەستی زمانی گەلێک و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لە خوێندندا یان لە نوسین و گوزارشتدا، یان ڕێ پێنەدانی بڵاوکراوەی (بیستراو، بینراو، خوێنراو) وەک لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا ئێستا ڕەچاو دەکرێت، جۆرێکە لە جۆرەکانی سیاسەتی جینۆساید و دەکرێ بەتیرۆری کلتوریش ناوزەدە بکرێت.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویستە زیاتر بایەخ بەهونەر و وێژە بەتایبەتی زمان بدرێت چونکە زمانی نەتەوەیی ژێرخانی کۆمەڵ و بەڵگەی بوونی نەتەوەیە، هەر وەک جەلادەت بەدرخان لەم بارەیەوە دەڵێت: (نەتەوە ژێردەست بوونی خۆی بەدوو شت بەدوو چەک دەپارێزێت، ئایین و زمان، گەر ئایینی هەردوو نەتەوەی سەر دەس و بن دەس یەک بێ ئەوا زمان تاکە چەک دەبێ).(٢)

چونکە ئەو نەتەوەیەی کە زمان و کەلتور و مێژووی خۆی بپارێزێ و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییان لەسەر بکا ئەوا هەستیشی بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی زیاد دەبێ، لەم بارەیەوە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە کۆنگرەی

(١) لە گۆڤاری ئەنفال ژ (١)، لاپەڕە ١٣ وەرگیراوە (1) Ericmar Kusen Ethnic cleansing’ Encyclopedia of Genocide, 1999, p. 12

(٢) گۆڤاری بەربانگ، ژمارە (٨٧) ساڵی ١٢، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣ .

ئەکادیمیای مێژووی تورکدا کە لە ساڵی ١٩٣٠دا بەسترا ڕوو لە ئەندامانی کۆنگرەکە دەکات و ڕاشکاوانە پێیان دەڵێت: (ئایا دەزانن بۆچی ئێمە بەلقانمان لە دەست چوو، بیرکردنەوە لەم کارە شتێکی بەکەڵکە، گەلانی بەلقان، بولگاری، سربی، ڕۆمانی، هەر لە سەرەتاوە پیتی نووسینیان بۆ خۆیان دروستکرد، لێکۆڵینەوەیان دەربارەی زمان و ئەدەبی خۆیان ئەنجام دا، بایەخیان پێدا، زمان و ئەدەب و کەلەپوری خۆیان پێشخست، ئاخافتن و نووسینیان بەزمانی خۆیان کرد، بایەخیان بەزمانی تورکی و فەرهەنگی عوسمانی نەدا، کاتێ بینیان لەم بوارەدا پێشکەوتنیان وەدەست هێنا ئەوا بڕیاریاندا جیا ببنەوە لە عوسمانییەکان و دەستیان کرد بەخەباتکردن).[١]

هەر بۆیە لەم بارەیەوە زانای تورک و دۆستی نەتەوەی کورد ئیسماعیل بێشکچی دبێژیت: (ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنی زمان، فەرهەنگ، ئەدەب، فۆلکلۆر، سەرکەوتووترین شێوەی کۆیلەکردنی گەلە).[٢]

سێیەم: کورد و مێژووی جینۆساید:

ئاشکرایە نەتەوەی کورد لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێت و یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیدا دەژیت بێ ئەوەی وڵاتێکی سەربەخۆی هەبێ و خراوەتە دۆزێکی ئەوهاوە کە مەبەست بووە ژێردەستەییەکی هەتا هەتایی بێت و بێ ناسنامەی نەتەوایەتی بمێنێتەوە، دوژمنانیشی هەر کە بۆیان ڕەخسابێت کەوتوونەتە گیانی و لە لەناوبردن و قاتوقڕکردنی ئەم گەلە ستەمدیدەیە نەوەستاون، بۆیە پێویستە زۆر بەڕوون و ئاشکرایی باری داگیرکراوی کوردستان و بارودۆخی ڕامیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بخرێتە ڕوو و ژێر دەستی و

(١) حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕامیاری ڕەخنەگرانەیە، چ (٢)، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، لاپەڕە (٩٩).

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٩٩).

بەهۆی ئەویشەوە - دوا کەوتوویی نەتەوەیی کورد کە هیچ کاتێک لە دەسەڵاتی ئەو دانەبووە - بۆ هەموو لایەک ڕوون بکرێتەوە و کوردستان بەکۆلۆنیایەکی نێودەوڵەتی بناسێنین کە (یەکێکە لە هەرە ڕووداوە تراژیدیە دڵتەزێنەکان لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا لە یەکەم چارەگی سەدەی بیستەمدا ئەنجامدرا و تیایدا گەلی کورد لە پێناو وەدیهێنانی مافەکانیدا کەوتە ناو خەباتێکی بێوچانی مان و مەرگەوە دژی گەورەترین هێزی کۆلۆنیالی جیهانی و هاوپەیمانە ناوخۆییەکانیان».[١]

دیارە مێژووی لەناوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کورد دێرینە و هەر لە ڕۆژگاری میدییەکانەوە و چەندین سەدە پێش زایین بگرە تاکو ئەمڕۆ لەلایەن دوژمنانیەوە هەوڵی قڕکردن و تواندنەوەیان بەردەوامە.

ئەوەتە (فارسەکان بەو ناوەوە کە کورد بەشێکە لە نەتەوەی فارس و لەژێر پەردەی پان ئێرانیزم و ئاریزمدا دژایەتی کوردیان کردووە و دەیکەن، بەڵگەی مێژوویی ناو ڕووداوەکانی دەیان سەدە ئەوە دەسلمێنن بۆ نموونە لە سەردەمی هەر یەکێک لە شا ئیسماعیلی سەفەوی، شا تەهماسب، شا عەباسی یەکەم، شا سەفی، نادر شا، ئاغا محمد خان، دەیان هەزار کورد کوژران یان ڕاگوێزران، لە تورکیاش هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانی دوێنێ و تۆرانییەکانی ئەمڕۆ ئەوەی ئەوانە بەکوردیان کرد تا ئەو کاتە هیچ دوژمنێ نەی کردووە، لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتۆرکدا و لە نێوان سالآنی ١٩٢٥-١٩٢٧ دا نزیکەی ١٠٠٠ هەزار گوند وێران کران، بەسەدان کەس لە سێدارەدران و دەیان هەزار کەس لە پرۆسەکانی جەنگدا لەناوبردران و سەدان هەزاری تر ئاوارە و دەربەدەر کران و بەرەو ناوچەکانی تورک ڕاگوێزران و زیاتر لە سەد ڕۆشنبیریش خرانە گۆمی وانەوە).[٢]

(١) ئیسماعیل بێشکچی، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٣ لاپەڕە (٦٢-٦٣).

(٢) مەحموود مەلا عززەت، بازنەکانی ململانێی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، ج (١)، سلێمانی، ١٩٨٨، لاپەڕە (٨٠-٨١).

له سوریاش هەردەم نۆکڵی لەوە کراوە کە گەلێک هەبێ بەناوی کورد و پارچە زەوییەکیش هەبێ ناوی کوردستان بێت تەنانەت هەمیشە (هەوڵدراوە بۆ ئەوەی هەموو بوونێکی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە کە ئەمەش بێگومان جینۆسایدە، بۆیە قڕکردنی کورد بەچەندین شێواز پیادە کراوە، جارێک بەرێگای پرۆگرامەکانی خوێندن کە گوایە کورد لەسەر خاکی خۆی ناژی ئەمەش هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد و دابڕینی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و جارێکی تریش بەهۆی سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی و ئەمنی قەومی عەرەب حکومەتی سوری سنووری عێراق و تورکیای لە کورد قەدەغە کرد و ڕایگواستن، ئەمەش بۆ تەعریب و لێکدابڕانی ناوچەکان بوو). (١)

(هەروەها لە یەکێتی سۆڤیەتی رووخاویشدا کە دەگوترا هەموو نەتەوە و گەل و کەمینەیەکی نەتەوایەتی خاوەن مافی خۆیان بوون، کورد نەک هەر کۆمار و ئۆتۆنۆمی و مافی ڕۆشنبیری کامل و ڕەسمی نەبووە و بەس، بەڵکو دەگوترێ کە تا دەهات ژمارەی کورد لە جێگەکانی خۆیاندا کەم دەبوونەوە و بڵاوەیان پێدەکرا، کورد لە لوبنان و ئەردەن و ئەفغانستان بەنامۆ و نەبوونی مافی هاوولاتی مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت). (٢)

لەوەوە دەردەکەوێت کە هەر یەکێک لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە و بەزۆرەملێیی پێیانەوە لکێنراوە، بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتی خۆیان کوردیان چەوساندۆتەوە و لە خشتەیان بردووە، دواتریش بەپرۆژەی تایبەتی دارێژراو لەناویان بردووە.

چونکە ئامانجی دوژمنانی نەتەوەکەمان هەردەم نەمانی ڕەچەڵەک و

(١) د. ڕەشاد میران، م. یوسف دزەیی، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بەکورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ (١٩)، دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات، هەولێر، بەهاری ٢٠٠١، لاپەڕە (١٥).

(١) مەحموود مەلا عززەت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨١).

نەژادی کورد بووە، بەڵام دڕندانەترین شێوازی کوردقڕان کە بەر هەرپارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان کەوتبێت ئەوا بەر کوردستانی عێراق کەوتووە، ڕژێمە یەک لە دوایەکانی عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە دژایەتیکردن و لەناوبردنی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان نەوەستاون (خۆ ئەگەر خەلاتێک هەبوایە لە خەلاتی نۆبڵ بەرزتر و گەورەتر و بەبەهاتر بۆ کاری تیرۆر و جینۆساید، ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنزم و فاشیشزم، ببەخشرایە ئەوا گومانی تێدا نییە ڕژێمی عێراق پێشی هەموو ڕژێمێکی تر لە جیهان ئەو خەلاتەیان وەردەگرت). (١)

وەڵی گەورەترین و جەرگبڕترین تاوان کە ئەم ڕژێمە دەرهەق بەکوردی ئەنجام دابێت تاوانی بەدی (ئەنفالە) کە جینۆسایدێکە وێنەی لە دنیادا نەبوە و نیشە، بەڵێ تاوانێک کە دنیا بێدەنگی لێکرد، لەم پرۆسە نەگریسییەدا قڕکردنی کوردان شێواز و قۆناغێکی تایبەتی بەخۆرە گرت، چونکە ناوەڕۆک و شیوەی تاوانەکە و زیانەگیانی و مادییەکانی کاریگەرتر و دڕندانەتر بوو گەیشتە ترۆپک، لە ساڵی ١٩٨٧دا کاتێ: (عەلی حەسەن مەجید) دەسەڵاتی موتلەقی ناوچەی باکووری کەوتە دەست و بوو بە سکرتێری گشتی نوسینگەی باکووری حزبی بەعس دەسبەجێ کەوتە گیانی هاوڵاتیانی کورد و بەزنجیرەیەک لە بڕیاری ڕامالین و فەرمانی ئیداری پەتی لەمل دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستاندا جەڕاند و تەنگی پێ هەڵچنین، تەنانەت چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بەسەربڕینی تێکدەران – کە مەبەستی پێشمەرگەیە – دانا، پەلامارەکانی سالانی ١٩٨٧–١٩٨٩ ئەم خاسیەتانەی خوارەوەی پێشلکردنی بەربلاوی مافەکانی مرۆڤیان لە خۆگرتووە. (٢)

* ئیعدام کردنی تێکڕا و بەکۆمەڵ و بێسەر و شوێنکردنی دەیان هەزار

(١) حوسێن محەمەد عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣١٦)

(٢) (MEW)، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٤٨–٤٩).

خەڵکی شەڕ نەکەر لەوانە ژمارەیەکی زۆر ئافرەت و منداڵ و هەندێ جار تەواوی دانیشتوانی چەند گوندێک.

* بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیایی لەوانە گازی خەردەل و دەمارەگاز (GB)، سارین، دژ بەشاری هەڵەبجە و دەیان گوندی کوردنشین و کوشتنی چەند هەزار کەسێک لە خەڵک و بەتایبەتی ئافرەت و منداڵ.

* تێکڕا وێرانکردنی نزیکەی (٢٠٠٠)(*) هەزار گوند کە لە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا وا ناویان هاتووە کە (سووتاوە)، (تێکدراوە)، (تەختکراوە)، (پاکساز کراوە) لانی کەمیش دە دەوازدە شارۆچکەی گەورە و مەڵبەندی بەڕێوەبردن (قەزا و ناحیە) هەمان شتیان بەسەر هاتووە.

* تێکڕا وێرانکردنی نیشانە مەدەنییەکان لەلایەن ئەندازیاری سوپاوە لەوانە تەواوی قوتابخانەکان و مزگەوتەکان و بیرەکان و گەلێ دامودەزگا و پێکهاتەی تر لەو گوندانەی بووبوون بەمەبەست و نیشان لەگەڵ ژمارەیەک وێستگەی سانەوەی کارەبادا.

* تالانکردنی ماڵ و سامانی هاولاتییە مەدەنییەکان و ئاژەڵ و مالاتەکانیان بەئەندازەیەکی بەر فراوان لەلایەن هێزەکانی سوپا و میلیشیای سەر بەحکومەتەوە.(**)

* گرتنی هەڕەمەکی گوندنشینان لە (ناوچە قەدەغە کراوەکان)(***)

(*) ئەو ژمارەیە (٢٠٠٠) هەزار گوند لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا وا هاتووە، دەنا لە ڕاستیدا زیاتر لە (٤٠٠٠) هەزار گوند و دێهاتی کوردستان لە ئۆپەراسیۆنەکە وێرانکران.

(**) لە ٦ی نیسانی ١٩٨٧ بەپێی فرمانێکی عەلی کیمیاوی تەواوی تێکدەران مافی خاوەندارێتیان (ملکیە) لە دەست دا، ئەلمەجید لە نووسراوێکدا دەنووسێت (بەپێی ئەو دەسەلاتەی بڕیاری ژمارە ١٦٠ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢٦ ی مارتی ١٩٨٧دا پێی داوین بڕیارمان دا سەرۆکی لیژنە ئەمنییەکانی (رؤساء اللجان الامنیە) پارێزگاکان سەرپشک بکەین لە مەسەلەی دەست›

(المناطق المحظورة) لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە ئەم شوێنانە زێد و ماڵ و زەوی خۆیان بووە.

* بەند کردن و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار ئافرەت و منداڵ و خەڵکی بەتەمەن بۆ چەندین مانگ و لە بارودۆخێکی ئەوپەڕی سەخت و ناڕەحەتدا بێ فەرمانی دادوەری و بێ هیچ هۆیەک، لەوە زیاتر کە وایان لە قەڵەم دابوو گوایە هەواو ئاسوودەیی سەر بەنەیارانی کورد بوون، سەدانیشیان بەهۆی بەدخۆراکی و نەخۆشییەوە لێ مردن.

* بەتۆبزی ڕاگواستنی سەدان لە خەڵکی دێهاتەکان، پاش وێرانکردنی ماڵ و حاڵیان لە بەندیخانە بەردانیان و لە ئاوارەیی گەڕانەوەیان ئەم مەدەنییانە بۆ هەندێ جێگە لە کوردستاندا بار کران کە دوور بوو لە شوێن و ڕێی خۆیانەوە و لەوێ سوپا تووڕی دان بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەک بکرێنەوە و گەڕانەوەشیان لێ قەدەغە کردن بۆ گوندەکانی جارانی خۆیان و پێچەوانەش سزای مردن بوو لەبار و زرووفێکی ئەوهادا زۆریان لە میانەی ساڵێکی بەزۆر ڕاگواستنیاندا مردن.

* تێک و پێکدانی بنەما و ژێرخانی ئابووری دێهاتی کوردستان.

ئەوەش وای کرد کە بارودۆخی ئابووری کوردستان بەرەو نەهامەتی و نارێکی و ناهەمواری بچێت و دووچاری ئیفلیجی ببێت و نەتوانێ خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ، بێگومان ئەوەش بووە هۆی بەربلاو بوونەوەی بێکاری و هەژاری لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا و ئاسەوارە نیگەتیڤەکانیشی تاوەکو ئەمڕۆ دیار و لەبەر چاون.

‹بەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی تێکدەراندا دەبێ لە ماوەی یەک مانگدا لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دەست بەسەرداگرتنەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

(***) دوای ئەوەی گوند و دێهاتەکان وێرانکران ئەم شوێنانە نەکران بە(ناوچەی قەدەغەکراو) بەکۆپتەر و فڕۆکە دەپشکنێنران بۆ کوشتنی هەر کەس و ئاژەڵێک کە تیایاندا ببینرێت.

دیاره پرۆسەی جینۆسایدی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەبەرنامە و پرۆگرام بەڕێوە چووە و لەلایەن سەرکردەی سوپاکانیشەوە حساباتی ستراتیژی تایبەتی بۆ کراوە، هەروەها ڕژێم وەک (نازییەکانی ئەڵمانیا کار و کردەوەکانی پەردەپۆش دەکرد و لەژێر گوزارشتی ناسکدا دەیشاردنەوە لەو شوێنانەی کاربەدەستە نازییەکان لە (ئیجرائاتی ڕاپەڕاندن) کار و چالاکی تایبەتی و (سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە لە ڕۆژهەڵات) دەدوان، بەعسییە بیرۆکراتەکانیش لە بارەی (ئیجرائاتی کۆکردنەوە) و (گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی) و (سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە لە باشوور) دەدوان.
هەر چەندە هەندێک وای بۆ دەچن کە پرۆسەی ئەنفال بەپیناسەکردنێکی تەسکبینانە دژە یاخیبوونێک بووە کە زۆر لە دەوڵەتان و وڵاتانی سەربەخۆ ئەوە بەرەوا و مافی خۆیان دەزانن کە دژی یاخیبووان بجەنگێن، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لە بنەڕەتدا جینۆساید بووە و هیچ هاوبەشییەکیش لە نێوان دژە یاخیبوون و جینۆسایددا نییە (بەخشینی دەسەڵاتی نائاسایی بەعەلی حەسەن مەجید لە مارتی **١٩٨٧**دا کاری دژە یاخیبوونی پچڕ پچڕی دژ بەکوردی کردە پەلامارێکی تێکدان و وێرانکردن وەک ڕاوڵ هێڵبێرگ لە مێژووە بایەخدرەکەیدا سەبارەت بەهۆلۆکۆست تێبینی دەکات و دەڵێت پرۆسێسی وێرانکردن شێوازێکی بنەڕەتی چونیەکی هەیە تەنها یەک شێوە هەیە کە دەگونجێ کۆمەڵێکی پەرت و بڵاوی کاریگەرانە پێ تێک بشکێنێ، سێ هەنگاو هەن کە لە پرۆسەکەدا بنەڕەتین:

دەستنیشانکردن

کۆکردنەوە

لەناوبردن

ئەمە پێکهاتەیەکی نەگۆڕی بنەمای پرۆسێسەکەیە چونکە هیچ کۆمەڵێک بێ کۆکردنەوە، یان گرتنی قوربانییەکان ناکوژرێن و

قوربانییەکانیش ناتوانرێ بڕبکرین لە پێش ئەوەدا کە ئەنجامدەری تاوانەکە بزانێت کێ سەر بەکۆمەڵەیەکە.[1]

(1) Raul Hilbergi The Destruction of European Jews (New York: Holmesand Meier, 1985 student edition), P. 267. لە (MEW) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥٥) وەرگیراوە.

بەشی دووەم

کیمیاباران سەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی ئەنفال

گەورەترین و کاریگەرترین چەک کە بەدەست ڕژێمی عێراقەوە بوو بێت بۆ ئەوەی دەنگی کوردی پێ نووساندبێت و لەناوی بردبێت چەکی کیمیایی بووە، کە بەپێی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بەکارهێنانی بەهەموو جۆرێک قەدەغە و یاساوڵغە،[*] بەڵام ئەم ڕژێمە هەر وەک چۆن هەموو کاتێک بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشێل کردووە و هیچ گوێی پێنەداون لەو مەسەلەیەشدا (کیمیاباران) بەهەمان شێوە گوێی بەهیچ پرانسیپ و بنەمایەکی نێودەوڵەتی نەداوە و لە ئەنجامدانی کار و کردەوە دڕندەکانی دژ بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی درێغی نەکردووە، تەنانەت دەسەڵاتداران و گەورە بەرپرسانی ئەم ڕژێمە لە گفتوگۆ و لێداوانەکانیشیان نکۆڵیان لە بەکارهێنانی ئەم چەکە نەکردۆتەوە و بەڵکو شەرعیەتیان بەبەکارهێنانی چەکی گەورەتر و زیاتر کاولکاریتر داوە، ئەوەتە (تاریق عەزیز)ی گەورە لێپرسراوی ڕژێمی عێراق و وەزیری دەرەوەی پێشوو لە کاتی سەردانی شاندی کۆنگریسی ئەمریکی لە بەهاری ١٩٩٠ بۆ بەغدا و وروژاندنی ئەم بابەتە لەگەڵیدا کە ئایا وڵاتەکەی چەکی کیمیایی دژی کوردەکان بەکارهێناوە، زۆر ڕاشکاوانە لە وەڵامدا دەڵێت: (بەڵێ ئێمە چەکی کیمیاییمان دژی ئەو نەفام و دواکەوتووانە بەکارهێناوە.[1]

عەلی حەسەن مەجیدیش ئەندازیاری کیمیاباران و ئەنفال، بەکارهێنانی

(*) بەپێی ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەی کە لە ساڵی ١٩٢٥دا ئیمزا کراوە عێراقیش پابەندبوونی تەواوی خۆی پێوە ڕاگەیاندووە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

(١) محمد احسان، کوردستان ودوامة الحرب، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط٢، اربیل، کوردستان، ٢٠٠١، ص (٥٩).

چەکی کیمیایی بەڕێگاچارەیەکی زۆر باش و لەبار داناوە بۆ لەناوبردن و قڕکردنی کوردان، ئەوەتە ڕاشکاوانە دەڵێت: (ئەگەر توانیمان دوو لەسەر سێی شوێنەکانیان لێ بگرینەوە ئەوە لە کەلێن و قوژبنی بچووک بچووکدا دەوریان دەدەین و ئەوجا بەچەکی کیمیایی لێیان دەدەین، من تەنها ڕۆژێک بەکیمیایی لێیان نادەم بەڵکو بەردەوام ماوەی پانزە ڕۆژ بەچەکی کیمیایی دەیانکوتم، دوای ئەوە ڕایدەگەیەنم کە هەر کەسێک دەیەوێ بەچەکەکەیەوە خۆی بداتە دەستەوە ڕێگەی پێ دەدرێت ئەو کاتە من یەک ملیۆن لەم ڕاگەیاندنە چاپ دەکەم و بەسەر باکووردا بڵاوی دەکەمەوە، بەکوردی سۆرانی و بادینی و بەعەرەبیش، من ناڵێم ئەمە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوەیە و نایەڵم حکومەت تێکەڵی کارەکە بێت، من دەڵێم ئەم لێرەوەیە واتە نووسینگەی باکوور جا ئەوەی حەز دەکات بگەڕێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانی نەگەڕانەوە دیسانەوە بەچەکی نوێ هێرشیان دەکەمە سەر، من ناوی چەکی کیمیایی نابەم چونکە ئەوە قەدەغەیە، بەڵام دەڵێم بەچەکی کوشندەی نوێ داتان دەڕزێنم)[1]، ئەلمەجید تەنانەت ماڵ و دێهاتەکانی جاش[*] و بەکرێگیراوەکانیشی لەم هێرشانە نەپاراستووە، کە چاو ساغ و پاڵپشتی هێزەکانی سوپای عێراقی بوونە و دەڵێت: (من بەموستەشارەکانم.[**] وت ڕەنگە بڵێن ئێمە گوندەکانی خۆمان خۆش دەوێ نامانەوێ چۆڵیان بکەین، من وتم ناتوانم گوندەکانتان بهێڵمەوە

(١) MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٥٦٩).

(*) جاش: جاشولکە یان جاشەکەر، وشەیەکی دزێو و توانج ئامێزە بۆ فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی (افواج الدفاع الوطني) بەکار هاتووە.

(**) موستەشار: ڕاوێژکار، فەرماندەیەکی کوردی خێڵەکی فەوجی جاشە، لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٨٢ ڕژێمی عێراق لەژێر ناوی (مەفرەزە تایبەتییەکان) (المفارز الخاصە) ئەو کوردانەی چەکدار دەکرد بۆ بەگژداچوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی گوندە دوورەکان، وەک هاوکارانی سوپای عێراق، پاشان لەگەڵ درێژەکێشانی جەنگی عێراق - ئێران و کزبوونی دەسەڵاتی ڕژێمی<

چونکه بەچەکی کیمیایی پەلاماریان دەدەم و بەمەش ئێوە خۆتان و ماڵ و منداڵتان تیادا دەچن).[١]

ئاشکرایە عێراق لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا بەئەندازەیەکی زۆر چەکی کیمیایی و بایلۆجی بەکارهێناوە و لە ئەنجامیشدا دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی و سووتەمەنی ئەو شەڕە، لە ساڵی ١٩٨٧دا و لە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێراندا کوردستان دووچاری دژوارترین بارودۆخی سیاسی هات، دوای ئەوەی سوپای ئێرانی لە بەرەکانی جەنگی باشووردا بەتایبەتی لە (ڕۆژهەڵاتی بەسرە) و (کەربەلا)دا دووچاری گەورەترین شکستی سەربازی هات و بەدەیان هەزار سەربازی لێ لەناو چوو، هەڵسا بەکردنەوەی بەرەیەکی دیکەی جەنگ لە کوردستان ئەوەش وای کرد کە عێراق بیر لەوە بکاتەوە کە هەرچی هێز و توانای سەربازی هەیەتی بێنێتە کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئێرانی چاوەڕوانکراو، بێگومان ئەو هەلومەرج و بارودۆخە سەربازییەی کە لە کوردستان گیرساوە و ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ئاوا دژوار تیایدا وای لە ڕژێمی عێراق کرد کە بکەوێتە گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی کورد و دەستپێکردنی زنجیرەیەک هێرشی سەربازی بۆ سەریان، کە بێگومان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کوشندەترین و درندانەترین کردار بوو، دۆڵەکانی جافایەتی و شارباژێڕ یەکەم شوێنە لە کوردستان کە ڕژێم بەگوللە تۆپ لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٧ کیمیابارانی کرد، خەڵکی ناوچەکەش دیارە بەر لە ڕووداوەکە زانیویەتیان ناوچەکەیان کیمیاباران دەکرێت،، یەکێک لەوانەی کە لەو کاتەدا لە

‹عێراق بەسەر زۆربەی گوندەکانی کوردستاندا ڕژێم دەستی کرد بەرێکخستنی شێوەیەکی تری چەکدارکردنی کوردەکان لەژێر ناوی (فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی) یان فەوجە سووکەکان (الافواج الخفیفة) کە ژمارەی چەکدارانی لە نێوان (٣٠٠-١٠٠٠) ئەندامی بەخۆوە دەگرت، فەرماندەکەیان بەناوی (موستەشار)ەوە ناوبانگیان دەرکرد بوو.

(١) MEW سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٦٣).

شوێنی بۆردومانەکەدا بووە دەڵێت: ئامۆژگاری ئەوە کرابووین کەوا لە حاڵەتی پەلاماردانی کیمیاییدا پەڕۆی تەڕ بدەین بەدەموچاوماندا و ئاگر بکەینەوە یان بچینە ئەو شوێنانەی کاریگەرییان لەسەر کەمە، کە بۆردمانەکە کرا ئێمە نەماندەزانی ئەوە کیمیاییە، دەنگەکەی وەک دەنگی تۆپبارانی ئاسایی زل نەبوو، بۆنی سێوی گەنیو و سیرمان دەکرد، بۆمبێکی لە ژمارە نەهاتوو بەسەرماندا بارین بەڵام کاریگەر نەبوو. ڕۆژێک دوای کیمیابارانکردنی دۆڵی جافایەتی واتە ١٦ی نیسانی ١٩٨٧ ئەمجارەیان ناوچەی خۆشناوەتی هەردوو گوندی (بالیسان و شێخ وەسان)[*]. بوونە ئامانجی هێزەکانی ڕژێم و کیمیابارانکردن، دوای نیوەڕۆی ئەم ڕۆژە پاش ئەوەی گوندنشینەکان لەسەر زەوی و کێڵگەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵەوە بۆ پشوودان و پێش خۆر ئاوابوون بەنیو سەعات دەنگی فڕۆکە پەیدا دەبێت و تا دێ و نزیک دەبێتەوە، خەڵکەکە هەندێکیان هەر لە ماڵەوە دەمێننەوە و هەندێکی تریشیان بەپەلە خۆیان دەگەیننە کونە تەیارەکان[**]. بەم جۆرە فڕۆکەکان هەردوو گوندەکە بەچەکی کیمیایی بۆردومان دەکەن، ئەوانەی شایەت عەیانی ئەم ڕووداوە بوونە و بەچاوی خۆیان بۆردومانەکەیان بینیوە دەڵێن ستوونی پان و پۆڕی دووکەڵی گەواڵە هەور ئاسای سپی و بۆر و پەمەیی ئاسمانی پۆشیبوو ئەو دەمە لە چیاکانیشەوە شنە بایەکی مەیلە و ساردی لای ئێوارە هەڵی کردبوو بۆنێکی نامۆی لەگەڵ خۆی دەهێنا، کە

(*) بالیسان: گوندێکی گەورە بوو، تا نیسانی ١٩٨٧ نزیکەی (٢٥٠) ماڵ دەبوو نزیکەی (١٧٥٠) کەسی تیادا دەژیا، چوار مزگەوت و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندیشی تیادا بوو، (١٢) میل لە ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە دوورە. شێخ وەسانیش گوندێکی بچووکترە لە بالیسان و نزیکەی (١٥٠) ماڵێک بووە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٣دا دۆڵی بالیسان بوو بەناوچەی قەدەغە کراو بەهەموو شێوەیەک ئابلۆقەی خرابووە سەر و هێزی ئاسمانی عێراقیش بەردەوام هێرشی دەکردەسەر.

(**) کونە تەیارە لە شێوەی ژێرزەمین (ملجأ)ی شارستانی ئێستایە بۆ خۆ پاراستن و خۆ حەشاردان لە هێرشی تەیارە گوندنشینەکان بەکاریان هێناوە.

سەرەتا بۆنێکی خۆشی هەبوو وەک بۆنی گوڵ وابوو، بەڵام دوایی بۆنی سێو و سیری لێ دەهات، شایەتی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بۆن و بەرامی دەرمانی مێروو کوژی بووە، پیرەژنێکی بەساڵاچووی خەڵکی بالیسان دەڵێت بەجارێک تاریکی داهات و نەماندەتوانی هیچ شتێک ببینین و کەس کەسی بەدی نەدەکرد و یەک پارچە دنیا بوو بە تەمومژ، لە دواییدا هەموو کوێر و نابینا بووین، هەندێک ڕشابوونەوە، دەموچاو هەموو ڕەش داگەڕاو خەڵکی بەدەست هاڵاوسانی بەئازاری بن باڵیانەوە دەیان ناڵاند و ژێر مەمکی ئافرەتانیش، لە ئێشێکی سەخت دابوو دواتریش زەرداوێک لە چاو و لووتیانەوە دەهاتەدەر، زۆر لەوانەی کە لە مردن دەرباز بوون بەسەختی تووشی کێشەی بینین بوون و هەندێکیان ماوەی مانگێک زیاتر هەر بەتەواوی کوێر بوون، هەر لە گوندی شێخ وەسان دەرباز بووان باس لە ژنێک دەکەن کە چۆن هەردوو چاوی کوێر بووە و لەو ناوەدا سووڕاوەتەوە منداڵەکەی توند لەباوەش گرتووە و نەیزانیوە کەوا مردووە، ژمارەیەک لە گوندنشینان بەرەو چیاکان هەڵاتن و لەوێ مردن ئەوانی کە لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانەوە نزیک بوون هەر بەپێوە گیانیان دەرچووە.(*) ئەوەی شایەنی باسە و هەروەک پزیشکانی مافی مرۆڤ (Physcians for Human Rightsm , Ioci, cit) دەڵێن: ئەو نیشانانەی گوندنشینەکان دەیگێڕنەوە بەشێوەیەگی گشتی لەگەڵ کاریگەریتی گازی خەردەلدا دەگونجێ، ئەگەرچی باسی ئەوە هەیە کەوا هەندێ لە قوربانیان کە دەسبەجێ مردوون پێدەچێت بەهۆی بەکارهێنانی دەمارە گازیشەوە بووبێت،

(*) بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە ئەنجامی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسان و گوندە دراوسێکانی خەملێنراون وا مەزندە دەکرێت کە لە بالیسان (٢٤) کەس کوژرابن و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی گوندەکەدا نێژراون لە گوندی شێخ وەسانیشدا (١١٠) کەس کوژراون کە زۆربەیان منداڵن و نزیکەی (٦٦) کەسیش بریندار و بێ سەروشوێن کراون، بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ (٦٩) ١٩٩٢/٤/١٧ .

چونکە گازی خەردەل با زۆر خەستیش بێت وا زوو کوشندە نییە، تا لانی کەم دەبێ نیو سەعاتی بەسەردا تێپەڕێت.

دوا بەدوای هێرشەکانی سەر دۆڵی جافەیەتی و شارباژێڕ و دۆڵی بالیسان ڕژێم تەنها بەوە نەوەستا بەڵکو بازنەی پەلامارەکانی فراوانتر کرد و هێرشەکانی قوڵتر کرد، لە ٧ / ٥ / ١٩٨٧ بەفڕۆکە و ڕاجیمە و گوللە تۆپ ناوچەکانی (جافەران، سەر کۆڵە قەرەداخ، گوندەکانی بەرگەڵوو، هەڵەدن، یا خسەمەر، سێکانیان) ی کیمیاباران کرد کە زەرەر و زیانێکی ئێجگار زۆری لێ کەوتەوە، هەروەها لە ڕۆژی ٢٧ / ٥ / ١٩٨٧ واتە (٢٠) بیست ڕۆژێک دوای ئەم هێرشانە ڕژێم هێرشی کردە سەر دۆڵی مەلەکان و گوندەکانی دەوروبەری کە ماوەی چەند میلێک لە ڕۆژهەڵاتی بالیسان و شێخ وەساندایە، لەم کیمیابارانەدا نزیکەی (٣٠) سی کەس بینایی چاویان لە دەست دا و خەڵکی ناوچەکەش ئاوارە و پەراگەندەی جێگایان بوون.(١)

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە(*) وەک نموونەیەکی جینۆساید

لەدوا مانگەکانی شەڕی نێوان عێراق - ئێراندا و ڕێک لە ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ شاری هەڵەبجەی کوردنشین کەوتە بەر دڕندانەترین شاڵاوی قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەم سەردەمە، لە چاو قوچانێکدا و لەبەردەم چاوی

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم هێرشانە بڕوانە MEW، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٩ تا ١٦٠).

(*) هەڵەبجە شارۆچکەیەکی کوردنشینی قەڵەبالغ بوو بازاڕێکی بازرگانی گەرمی هەبوو، ژمارەیەک دامودەزگای حکومەتیشی تێدا بوو، ژمارەی دانیشتوانی لەبەر ئەوەی دێهاتنشینێکی زۆری بۆ ڕاگوێزرا بوو لە نێوان ٤٠ تا ٦٠ هەزار کەس زیاتر بوون، بەر لە کیمیابارانکردنەکە ڕژێمی عێراق وەک تۆڵە کردنەوەیەک لە پشتگیری جەماوەری ئەم شارۆچکەیە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مایسی ١٩٨٧ هەردوو گەڕەکی کانی ئاشقان و مۆردانەی تەخت کرد. ئەم شارۆچکەیە چەند میلێک لە سنووری عێراق و ئێران دووره.

هەموو دنیا ڕژێمی عێراق بەجۆرەها چەکی کیمیایی لە نموونەی (خەردەل، سیانید، سارین، تابون، V X) ئەم شارە ئارامەی بۆردومان کرد و بەتەواوی وێرانی کرد، ئەم کارەساتە بێ وێنەیە کوژرانی نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار هاوڵاتی مەدەنی بێ دیفاع و نزیکەی (٢٥) بیست و پێنج هەزار بریندار و ئاوارە بوونی دەیان هەزاری تری لێ کەوتەوە و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانیشی کە لەدوای خۆی جێهێشت تاوەکو ئەمڕۆ بەزەقی ماونەتەوە (کارەساتی هەڵەبجە لەگەڵ ئەوەی کارەساتێکی گەورەیە کە بەسەر گەلی کورد داهات، هاوکات کارەساتێکی جیهانییە و بەتاوانێکی دژی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێت لەبابەتی هیرۆشیما و ناکازاکی، بەجیاوازییەک ئەو کەسانەی کارەساتی هیرۆشیما و ناکازاکیان ئەنجام دا دەوڵەتێکی بیانی بوون، بەڵام ئەنجامدەرانی تاوانەکەی هەڵەبجە لەلایەن کەسانێکەوە بوو خۆیان بەخاوەنی ئەم وڵاتە دەزانی، ئەنجامدەرانی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بوون کە خۆیان دەیانگوت هەڵەبجە بەشێکە لەو وڵاتە)[١].

ڕەنگە کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیاش هەبووبن کە ڕواڵەتی ئەنجامدانی کارەساتەکە دیاری بکەن، لە سەرووی هەموشیانەوە سروشتی ڕژێمی عێراقە کە لە ڕواڵەت و بنەچەوە ڕژێمێکی فاشستی دڕندانەیە، ڕژێمێک کە تاوەکو سەر ئێستقان دژایەتی نەتەوەی کوردی کردووە و (لە ڕوانگەیەکی شۆڤینستی ڕەگەزپەرستانەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کورد و جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەکەی، بۆیە بەگوێرەی ستراتیژێکی دیاریکراو و بەپێی تاکتیک و نەخشە و پلانی ورد و حسابکراو دەیەوێ نەتەوەی کورد لە عێراق لەناو ببات و خاکی کوردستانی عێراق داگیر و تەعریب بکات

(١) مەحموود محەمەد مەحموود، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، مێزگردی TV گوڵان لە یادی کارەساتی هەڵەبجە ١٦ / ٣ / ١٩٩٩، هەروەها بڕوانە هەفتەنامەی گوڵان ژ (٢١٨) ٢٠، ئاداری، ١٩٩٩، لاپەڕە (١٨).

نیازی ئەوەی مەترسی کورد لەسەر پاشەڕۆژی عێراق نەهێڵێ و زەمینەی جیابوونەوە بۆ جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان لە عێراقدا ساز نەبێ بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش گەلێ ئامراز و شێوازی بەکارهێناوە[١].

فاکتەرێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێن و جوگرافیای شاری هەڵەبجە و دانیشتوانەکەی کە مێژوویەکی شکۆدار و بەرچاویان لە هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە هەبووە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی ڕۆڵی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە پشتگیری و هاوکاریکردنی شۆڕشی بارزان لە ساڵانی ١٩٤٥ و دواییدا ئەمە جگە لە ڕۆڵی ڕۆشنبیری دانیشتوانی هەڵەبجە، لە هەمووش گرنگتر ئەم شارە بنکەیەکی گرنگی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بووە کە توانرا ئازاد بکرێ وەک گەلێک ناوچەی دیکەی ئازادکراوی کوردستان، هەروەها ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٧ گەواهی ئەو ڕاستییەن، ئەوەی جێگای داخ و حەسرەتە کە تاوەکو ئێستاش نەتەوەی کوردی دوچاری بێ ئومێدی و پشتگوێخراوی کردووە کڕوکپی و بێدەنگی جیهان بوو سەبارەت بەو کارەساتەوە تەنانەت (ڕژێمەکانی ناوچە و دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاواش نەیانویست خۆیان لێڵ بکەن یان بەتاوانبار بلێن بەری چاوت کلی پێوەیە، ئەو تۆزەی کردیشیان لەژێر کاریگەری چەند گروپێکی پاراستنی مافی مرۆڤ و چەند ڕۆژنامەنووسێکدا بوو کە ویستیان دنیا ئاگادار بکەنەوە، بۆیە چەند وڵاتێک لە جیاتی ناردنی سەدەها پزیشک و داخوازییەکانی پزیشکی بۆ ناوچەکە، هەریەکەیان چەند برینداریێکی وەرگرت بۆ تیمارکردنیان بەناوی مرۆڤایەتییەوە، ئەمەش بۆ دەمبەستکردنی گەلەکەیان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ تاقیکردنەوەی

(١) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، چاپی دووەم، ١٩٩٩، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، لاپەڕە (١١٣).

دەرمانییەکان و ناسینی گازە کوشنەکەی ڕژێمی بەغدا بوو، ئەگینا تیمارکردنی چەند کەسێک و وەلانانی هەزارەهای تر دەبێت چ مرۆڤایەتییەک بێت؟!).[1]

وەلێ لە هەمووشیان کاریگەرتر و ناخۆشتر ئەو بێدەنگییە ترسناکەی وڵاتانی دەوروبەری بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی بەئیسلامی و عەلمانی و نەتەوەییشەوە بوو کە (تاریکارییەکی تەواویان خستە سەر مەسەلەکە و شۆڤێنییەتی عەرەبی هەموو دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا هەموو ئیتجاهاتی فیکری خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی مەسەلەکە داپۆشن، هەموو ئیتجاهاتی جیهانی عەرەبی ئیسلامی کە ناوەندی بزووتنەوەی ئیسلامین سەرباری ئەوەی ئێران مەسەلەکەی کەشف کرد تێکڕای ئیتجاهاتەکانیش کەوتنە پاڵ شۆڤێنییەتی نەتەوەیی عەرەبی لە پێناوی داپۆشینی مەسەلەکەدا کە ئەمەش خۆی مەسەلەیەکی تایبەتی و زوڵمێکی مێژوویی زۆر گەورەیە لە کورد کراوە زوڵمێکی زۆر گەورەترە لە مرۆڤایەتی و تاوانێکی کۆکوژی بەو شێوەیە ترسناکە و فراوانە داپۆشرا بۆ دوای ڕاپەڕین وەک چۆن ئەنفال بۆ دوای ڕاپەڕین داپۆشرا)[2].

لێرەدا پێویستە دان بەهەندێک ڕاستی بنرێت و هەروەها بەسادەیی بەسەریاندا تێپەڕنەبین چونکە ئاوەژووکردنی ڕاستییەکان دەبێتە هۆی داپۆشین و پەردە خستنە سەر تاوانەکان و شاردنەوەیان. دیارە وڵاتە زلهێزەکانی دنیا و بڕیار بەدەستەکان لە یارمەتیدان و هاریکاریکردنی ڕژێمی عێراق هیچ کاتێک کەمتەرخەمیان نەکردووە و بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی بوونە بەڵکو لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دێهاتەکانی تری کوردستانیش جڵەویان بۆ عێراق شل کرد و ورتەیان لێوە نەهات

(١) د. ئەحمەد بابەکر میراودەلی، لە گازبارانکردنی هەڵەبجەدا کێ تاوانبارە، گۆڤاری سەرخۆ بوون، ژ (٧، ٨) هاوین و پاریزی ٢٠٠١، لاپەڕە (٣٥).
(٢) هەفتەنامەی گوڵان، ژ (٢١٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١).

ئەوەتە ولیەم والڵدگرێڤ (Wiliam Waldgrave) وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆمنوێلس لە وتارێکدا بۆ پەرلەمانی بەریتانی پێش شەڕی دووەمی کەنداو لە ٥ / ٤ / ١٩٩٠دا دەڵێت: (خۆ دابڕین لە عێراق هیچ مومکین نییە، ئەمە شتێکە دڵی مونافیسەکانی ئێمە خۆش دەکات و بێکاری و بێ ئیشی لە وڵاتەکەماندا زیاد دەکات).[1] دیارە ئەم وڵاتانە لە کاتی مامەڵە و ئیش پڕانسیپی (لیس هناك في السياسة صديق دائم او عدو دائم بل هناك مصالح دائمة)یان ڕەچاو کردووە و بەرژەوەندییەکانیان لە بەرایی و پێشینەی هەموو کار و هەنگاوێک داناوە، ئەوەتە (چەندین کۆمپانیای ئەمریکایی لە نموونەی Phillip Petoleum USAوKBS یارمەتی عێراقیان دا لە دروستکردنی چەکی کۆکوژی هەر بەتەنیا ئەم دوو کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٨٣ دا بایی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار پاوەند کیمیاییان فرۆشتە عێراق بۆ دروستکردنی ماستەر گاز، هەروەها گەلێک وڵاتانی دیکەش یارمەتی عێراقیان داوە بۆ بەرهەم هێنان و دروستکردنی چەکە کۆکوژییەکان وەک کۆمپانیای M Wlchemie Bv ی هۆڵەندی کە (١٢٠٠) هەزار و دووسەت تەن لەو مادانەی داوە بەعێراق بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی و (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار کیلۆ لە Posphoeo ous Tyichlorid یشی پێداوە، کۆمپانیای ئەلمانی chlore Thly Dime thyamine Thiodiglg col کارگەی چەکی کیمیایی سامەڕای دروستکردووە هەروەها ئەم کۆمپانیایانەی خوارەوەش بەشدارییان لە دروستکردنی کارگەی چەکی کیمیایی لە عەکاشات کردووە کە ساڵانە (٢٠٠٠) دوو هەزار تەن کیمیایی بەرهەم بوو کە ئەمانەن Bebcock & Wilcoxof Britain, monted ison of ltaly, Fevost ahl of Germany, Messerschmitt- Bolk- Blohm بەپێی ڕۆژنامەی ئەلمانی (DynsPigel)ی ڕۆژی ٢٤/٩/١٩٩٠ ئەم کۆمپانیایانە جۆرێک وقودی بۆمبای Fuelair plasie یان داوەتە عێراق کە

(١) گۆڤاری سەربەخۆ بوون، ژ (٧، ٨)، سەرچاوەی پێشوو،، لاپەڕە (٣٨).

هێزی بۆمبایەکی ئەتۆمی بچووکی هەبووە).[١] ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردن و سەرنجە ئەوەیە کە مێژووی پتەوکردن و بنیادنانی هێزە سەربازی و پرۆسەی میلیتاریزەکردنی عێراق بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٣، بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لەو ماوەیەدا واتە (لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٨دا عێراق پارەیەکی ئێجگار زۆری بۆ کڕینی چەک خەرج کردووە هەرگیز بەگوێرەی زیادبوونی ڕێژەی گەشەسەندنی تێکڕای داهاتی ناوخۆ نەبووە، بەهای چەک کڕین لە ٠,٠٥٨ بلیۆن دینار لە ساڵی ١٩٧٣دا بۆ ٠,٢٠٥ بلیۆن دینار لە ساڵی ١٩٧٨ زیادی کردووە. ئەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە ٢٩٪ پێک دێنێت، هەروەها ئەگەر سەیرێکی ئەو چەکە قورسانەش بکەین کە عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٨٠دا بوویەتی دەبینین ژمارەی تانک، فڕۆکەی شەڕکەر، هەلیکۆپتەر، زرێپۆش لە ٩٢٥، ١٨٩، ٤٨، ٣٦٠وە یەک لە دوای یەک بۆ ١٩٠٠، ٣٣٩، ٢٣١، ١٣٠٠ زیادی کردوە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو چەکانەش یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو پێی فرۆشتووە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠دا لە کۆی ١٩٠٠ تانک، ١٨٠٠یان سۆڤیەتی بوون، بۆیە یەکێتی سۆڤیەت پشکی شێری لە ناردنی چەک بۆ عێراق هەبووە کە ڕێژەی لە ٨٠٪ی پێک هێناوە)[٢]. لەم پێوەندانەوە دەکرێ مەبەستی سەرەکی ڕژێمی عێراق لە کیمیابارانکردنی کوردستان لە نێوان ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا و پیادەکردنی سیاسەتی خاک سووتاندن (الارض المحروقة) لەم خاڵە سەرەکییانەی خوارەوە دابڕێژرێت.[٣]

---

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٨-٤١).

(٢) هیوا تاڵەبانی، بەعس و میلیتاریزەکردنی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سیاسەتی دەولی، ژ (٢)، ساڵی چوارەم، تەمووزی ١٩٩٥، لاپەڕە (٥-٨).

(٣) MEW، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٥٨٣-٥٨٤).

یەکەم: بۆ لێدان و تێکشکاندنی بنکە و بارەگا سەرەکییەکان و شوێنەکانی کۆبوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی بووە کە ژمارەیەکی زۆری ئەم هێرشانە بۆ سەر دۆڵی جافایەتی (ئەنفالی یەکەم)، ناوچەی قەرەداغ (ئەنفالی دووەم)، دۆڵەکانی بالیسان و سماقوڵی (ئەنفالی شەشەم و حەوتەم) زێوەشکان (ئەنفالی کۆتایی) ئەنفالی بادینان بوو.

دووەم: بۆ پەشۆکاندن و کوشتن و لەناوبردنی ئەو پێشمەرگانەوە کە لە حاڵەتی پاشەکشەدا بوون لە کاتی پەرەسەندن و بەرفراوانی جوگرافیای پرۆسەی ئەنفالدا.

سێیەم: ترساندن و تۆقاندن و چاوشکاندنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لەسەر پشتگیری کردنیان بۆ پێشمەرگە، گەورەترین حاڵەتی لەناکاو و دراماتیکی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بوو.

چوارەم: بۆ بەرپاکردنی ترس و سام لە نێوان سەرتاپا دانیشتوانی مەدەنیدا و بۆ ئەوەی گوندنشینان و دێهاتییەکان بەیەکجاری ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان چۆڵ بکەن و بەم شێوەیەش گرتن و گواستنەوە و کوشتنیان ئاسان بێت، بەزۆری دەستپێکردنی هەر قۆناغێکی پەلاماری ئەنفال ئەم جۆرە هێرشانەی دەگرتە خۆ، بەڵام لە ئەنفالی کۆتاییدا (ئەنفالی بادینان) لە ٢٥ ئابی ١٩٨٨دا لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا و لەسەر هێڵێک لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کیمیاباران بەشێوەیەکی خەستتر ئەنجامدرا.